# یەزدان سیمای جوانی بە ژنان بەخشیوە...بۆچی بە سەرپۆش ڕوخساری دەبێت بشاردرێتەوە!؟

بارزان شوان

**بەشی یەکەم**

ئەگەر بە ووردی سەرنجێک لە مێژووی دوورو نزیکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستان بدەینەوە، ڕاشکاوانە بۆمان دەردەکەوێت کە ژنانی کورد لە گشت پارچەکانی کوردوستاندا هەردەم وەک مرۆڤێکی ئازاد و سەربڵند شان بە شانی پیاوان بە بێ ئەوەی پێویستی بە شارانەوەی سەرو لەشو لاری بێت، سەربەستانە لە نێو کەژو چیاو تەلاری گوند وشارۆچکەکاندا بە ئارەزوومەندی خۆیان و بە بێ هیچ زۆرداریەکی پیاوسالاران دەسوورانەوە.

جل و بەرگ پۆشین هەر دەم یەکێک بوە لەو خەمانەی کە دەسەڵاتدارانی سیاسی و دینی و مەزهەبی بەرێوەیان بردون، چارچێوە پۆشین هەرگیز ئەو کێشەیە نەبوە بۆ ژنانی سەرومل پێچراو هێندەی ئەوانەی کە بە زۆری وویستوویانە بە سەر ژنانیدا بسەپێنن، ئەگەر چی دەسەڵاتدارانی دینی هەردەم بە نیاز و هاندەر بوونە و جەختیان لە سەر بە زۆردی پۆشینی وەک یەک بۆ ژنان کردبێت، لە هەمان کاتدا بەرامبەرەکانیان کە ژنانی داکۆک و سەربەخۆ دەگرێتەوە، بەردەوام لە هەوڵدان بوونە بۆ بەرهەم هێنانی جل و بەرگێکی مۆدێرنی ڕەنگاوڕەنگی دیاری کراو کە بە هۆی دوورینیانەوە بە مەرجێک لە چوارچێوەی بناغە گشتیەکانی ڕەوشتە نەریتیەکاندا لانەدەن، بەم شێوەیە توانیویانە سنووره بژارتەکانی وەک یەک پۆشین بشکێنن . ئەم شکاندنی ڕاهاتنە کۆمەڵایەتیەش تەنها لەو ژنانەوە دەستی پێنەکردوە کە خۆیان بە زۆردی پەچەیان پێ پۆشراوە، بەڵکو لە لایەن هەندێک ژنانەوە بوە کە بە وویستی خۆیان ئەو چادورەیان پۆشیوە لە بەر هۆی کولتوری و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە، لەو دەچێت کە ژنان هەمیشە خواستوویانە ئەم گۆڕانکاریانە بهێننە ئاراوە، ئەگەر چی بە خۆشیان باوەڕیان بەو جۆرە پۆشینانە نەبووبێت، ئەم گۆڕانکاریانە لە زۆربەی ووڵاتە سەر بە کەنداوەکاندا دیاری دەدەدەن کە دەیانەوێت جۆرە دەزوو و پەت و بەندێکی شیاو بخەنە نێو چادورەکەیانەوە کە بە چاو زۆر جاران دیاری نادەن. لە هەمان کاتدا دەبینین لە ووڵاتی ئێراندا ئەم جۆرە پۆشینانانە بەربڵاو بوون و ناوی جۆراوجۆریان بۆ درووست کراون وەک چادورو مانتۆ، هۆیەکەشی بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ خودی ژنان کە دەیانەوێت بە هەر چ جۆرێک بێت خۆیان لە بن داوی ئەو پۆشینە گشتیە ڕزگار بکەن.

بایەخ و گرنگدان بە پۆشینی مانتۆی نوێ تەنها ئەو لایەنە تەسکەی نە باوەڕی ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو دیاردەیە هاندەرێکە بۆ ئەو بۆچوونە کۆمەڵایەتیانەی کە ئەو ژنانە بەرێوەی دەبەن ،بۆ گەیشتن بە سەڵماندنی ئەو واتەیەی کە بێگومان ئەوانیش زەوق و توانای هەڵبژاردنیان هەیە و بۆچوونەکانیان ڕووبەڕووی پاشکەوتووخوازان جودایە .

شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتاوە جومبوشی دەکرد بۆ ئەوەی بە بۆنەی ئەو دیاردە پۆشینەوە بیسەڵمێنن کە ژنان یەک بەدەن و یەک جەسەدیان هەیەو هەر هەمووشیان لە ژێر سایەی ئەو مەلا دەسەڵاتدارانە ژیان بە ڕێ دەکەن، تا وای لێهات کە ئەم پۆشینە ببێت بە ڕواڵەتێکی بوون و دەسەڵاتی ئەو ڕژێم و ئەو سیستێمە کۆنەپەرستە، بەڵام گۆڕانکاریە مەدەنیەکان توانیان خۆیان هێدی هێدی بە سەر ئەو شۆڕشی پەچە پۆشینە گشتیە بەرەو پێشەوە بەرن و قۆناغ بە قۆناغ بە سەریاندا زاڵ بن، سەرپۆشی سەری ژنان پلە بە پلە جوانترو قوماشەکەی تەنک تر بۆوەو ڕووبەڕووی پێچانەوەکەشی هەتاوەکو دەهات کەمتر دەبۆوە، تا گەیشتە ئەو بارەی کە ژنان ئیدی نیوەی سەریان بەو پەچانە داپۆشین، وە مانتۆکەش توانرا بکرێت بە پارچە قوماشێکی درێژی ڕەنگاوڕەنگ کە بەسەر جلوبەرگەکانیاندا دەهاتنە خوارێ، بەردەوامیش ژنان لە جۆش و تەقەڵادان بۆ فرێدانی یەکجارەکی، بە تایبەتی ئەگەر چانسێکیان بۆ هەڵبکەوێت وەک لە باخچە گشتیەکان و بەردەم ماڵەکان، کاتێک کە بە سەردان دەڕۆی بۆ ماڵێکی ئێرانی دەبینیت چلۆن ئەوان هەر لە بەردەم دەرگاکەیانەوە جێگەیەکی تایبەتیان تەرخان کردوە بۆ فرێدانی ئەو مانتۆو چادرانە، کاتێک خاوەن ماڵ بە پیری ئەو ژنانەوە دێن یەکسەر ئەو ژنانە سەرپۆش و عەباکانیان هەر لە بەردەم دەرگاکەوە یاخود هەر لە باخچەی چوونەژوورەوەی ماڵەکاندا وەلاوە دەنێن و فڕێ دەدەن.

کەواتە بەرپەچ دانەوەو شکاندنی سنووری ئەو یاسا دروستکراوانە لە ڕواڵەتدا دەگەڕێتەوە بۆ نارەزایی هاوڵاتیان و هۆکارێکە بۆ بە سووکایەتی کردنی ئەو شۆڕشە ماف خۆرە، قۆناغەکانی بە دوای ئەویش پەرەسەندنێک بوو لە جودا بوونەوەی ئەو یەک گیانی و یەک ڕۆحەی کە ڕژێم بۆ مانەوەی خۆی بەردەوام ڕیکلامی سیاسی بۆ دەکرد، لە ڕاستیدا ئەو کردەوانە ڕژێم بە تایبەتی پلان و نەخشەی تایبەتی بۆ نەخشاندبوون، ئێستاکێ لە باخچە گشتیەکانی ئێراندا کیژان بە ئازادی بازی تێنس دەکەن و چالاکانە بە دوای ئەو تۆپە تێنسە بچکۆلانەیەدا پاڵ بە لەش و لاریان دەنێن ، لە هەمان کاتیشدا جلوبەرگە بەرفراوانەکانیشیان ڕێگە بە پێ جوان و چکۆلانەکانیشیان دەدات کە سەربەستانە بجووڵێنەوە.

ئەو گۆڕانکاریانەی ئەوڕۆ لە ئێراندا دەبینرێن نەبەستراونەتەوە بە ڕژێمە سەرکوتکەرەکەی ئەو ووڵاتەوە ، بەڵکو هەڵقوڵانی شۆڕشێکی نەناسراو و نادیارە کە هەر ڕۆژ بەڕۆژ باڵەکانی درێژ دەبن و کۆمەڵگا مەدەنیەکەی ئێران بەردەوام بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە دەیانەوێ ڕووبەڕووی ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستە ببنەوە، دەستوورە داڕێژراوەکەی سەر بە مەلاکانی ئێران هێندە ئاڵۆزە مەگەر تەنها بە پشتیوانی هەڵبژاردنێکی گشتیەوە بتوانرێت ئەو دەستوورە نەگۆڕە هەڵوەشێتەوە، ئەو هەوڵانەی کە محەمەد خاتمی سەرۆکی ئێرانی پێشوو دەیویست بەرپای بکات گشتی خرانە ژێر چاڵی خواستی مەلا توندڕەواکانەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە هەر بتوانن بە زۆردی ئەو ووڵاتە بەڕێوە بەرن و جل و بەرگ پۆشین هەر دەم یەکێک بوە لەو خەمانەی کە دەسەڵاتدارانی سیاسی دینی و مەزهەبی بەڕێوەیان بردون.

کۆمەڵگا دروست کراوەکەی حیزبوڵڵای لوبنانیش پەیوەندیەکی چاک و گونجاوی بە چادوری یەک پۆشی ئێرانی گرێدابوو، بەڵام لە کنە ئەو حیزبە جودایەک بەر چاو دەکەوێت ئەویش بە لایانەوە ئەوەیە کە یەک جۆر بەرگ پۆشین دەگەڕێتەوە سەر ڕەزامەندی خودی ژنان ، بەڵام لە هەمان کاتدا توند ڕەوەکانیان بە ڕاشکاوی دژ بەو سەربەخۆیی بەرگ پۆشینە دەدوێن، سەرەڕای ئەو هەموو جومبووشانەش پەلێک لە ئەندامانی ژنانی ئەو حیزبە بە ئاشکرا دەیانەوێت گۆڕانکاریەک بهێننە پێشەوە بەوەی کە جۆرە سەرپۆشێکی جودا لە سەر بکەن کە بە پەیڕەوی دەستووری ئەو حیزبەوە پابەند نەبێت، زۆربەیان ناکەونە ژێر ئەو زۆردیەی بە سەریاندا سپێردراوە، لە هەمان کاتیشدا ژنانێک هەن کە تەنها بە مەرجی ئەو حیزبەی لێی بوونە بە ئەندام جلو بەرگ دەپۆشن.

ئارایشگاو جێی تایبەتی لە باشووری لوبناندا کراونەتەوە کە زۆربەی داهێنەرەکانیان لە ووڵاتانی تورکیا و ووڵاتە سەر بە سەرپۆشەکانەوە هێنراون ، هەردەم لە گەڕن بۆ دۆزینەوەی جۆرو بابەتی نوێی سەرپۆش و چادوری تازە بابەت بۆ ژنان، ئەم جۆرە مۆدانە لە نێوان ژنانی سەرپۆشەوە گەلێک ناودارن و پۆشینە تازەکانیش گەلێک ئاڵۆزی جودا جودایان بە خۆوە گرتوە، ئەم پێشانگا گشتیانە بە هاوکاری چەن پێشانگایەکی نا ڕەسمی زۆر جار ئاڵوگۆڕی مۆدێلات کە گەڵ یەکدیدا دەگۆڕنەوە، داهێنەرانی مۆدێلەکانیش بێگومان سنووره شەرعیەکانی خۆیان باش دەزانن، ئەم پێشانگایانە سەرەڕای ئەوەی شەرعی بێت یان نا شەرعی بێت پەیوەندیەکی پتەویان لە گەڵ ئەو حیزبەدا هەیە کە لەو ناوچانەدا حوکم دەگێڕن، هەر لە بەر ئەوەیە ئەو بازاڕە هەمیشە لە پەرەپێسەندندایە، لە بەر بەرژەوەندی هەردوو لای حیزبی و بازرگانی گوێ بە لێکۆڵینەوە درێژ پایەنەکان هەر نادەن.

کەواتە لە لوبنانیش پۆشینی ئەو بەرگە شەرعیە هاتۆتە شکاندن و دەستوورەکان هەڵپەڕێزراون، بەڵام لەوە دەچێت کە یەکێتی سەرپۆشان هەردەم حەز دەکەن کە ژنان هەموویان یەک جۆرە سەرپۆش لە سەر کەن و لە خۆپیشاندانە گشتیەکاندا هەر هەموو ژنان هەمان چادور لەسەر بکەن و هەر هەموویان بۆ حیزبە ئیسلامیەکان بە یەک دەنگ هاوار بکەن و مۆدەی سەرپۆشی ژنان بۆ هەر هەموو ووڵاتانی ئیسلامی بکەن بە شەرعی.

لەوانەیە ئەو عەبا ڕەشەی کە ژنانی عێراقی لە سەری دەنێن و خۆیانی پێ دادەپۆشن جودابێت لە گەڵ ئەو چادور پۆشینەی ژنانی ئێرانی، لە عێراقدا ژنانی شیعەو سوننی هەر هەمان عەبا بە کار دەهێنن، لەوەش دەچێت کە هەر ئەو عەبایە بێت کە بوویێت بە هاندەری درووست بوونی ئەو جۆرە عەبایانەی تر کە لە لوبنان و ئێراندا هەبن، بەڵام سەنگی پۆشینی ئەو عەبایە لە نێو کۆمەڵگادا هێندە کاریگەر بوە کە بەربڵاویەکەی گەلێک زیاتر بوبێت وەک لە پۆشتنی چادرەکە لەو ووڵاتەدا، وە لە هەمان کاتدا کەمتر بەربڵاو بوون لە ووڵاتانی سەر بە ئیسلامی تردا ئەویش هەر لەبەر ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە سەر ئەو ووڵاتانەدا تێپەڕیبوون، بێگومان ئەو پێشکەوتنانەش کاریگەرن لە سەر پێشڤەچوونی کۆمەڵگاو گۆڕینی سیاسی و جۆرە بنەماکانی یەکسانی و دیموکراسیەتدا.

دەتوانین بلێین کە ژنانی عێراقی بۆ لادانی ئەو عەبایە پێویستیان بە شۆڕش نەبوە یان بە پێچەوانەوە، بەڵکو زۆربەیان لە کاتی گەشتو گوزارو هاتووچۆیان بۆ بەغدای پایتەخت عەباکانیان وە لاوە دەنێن و هەر لە سەریشی ناکەن، کە گەڕانەوەش بۆ لادێ و ناوچەکانی خۆیان ئەوا یەکسەر لە سەریان دەنێنەوە.لە زۆربەی ئەو ووڵاتانەی کە عێراقیەکان تیایدا ژیان بە سەر دەبەن، تا ئەوڕۆش پۆشینی ئەو عەبا ڕەشانە هەر لایان وەک خۆی ماوەتەوە، کەم جار ژنانی دانیشتووی نەجەف و کەربەلاو شارانی باشووری عێراقت لە ووڵاتە ئەوروپیەکاندا بەرچاو دەکەوێت کە بە بێ پۆشینی ئەو عەبا ڕەشە بتوانن لە ماڵەکانی خۆیان بێنە دەرەوە، تەنانەت پرچ و قژیشیان بە شێوەیەک دەشارنەوە کە تەنها هاوسەرو کەسوکاری نزیکی ئەو ژنانە بۆیان هەبێت بیانبینێت.

uvnbas@hotmail.com

# دیمەن کەمال "سەنتەری نەوا کراوەتە ئوتێلو خاڵی گرتن (نقطه التوقیف)"

هۆنیا

**بەتێکەڵکردنی ئەو ژنانەی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەرونیان هەیە لەگەڵ لەشفرۆشەکان سەنتەری نەوا ئامانجی خۆی لەدەست دەدات".**

دیمەنی مەلا کەمال کە بەڕێوەبەری سەنتەری نەوایەو لەکۆتایی هەشتاکانەوە لەگەڵ کێشە دەرونیەکانی تاکی ئەم شارە سەرقاڵەو ئەمڕۆ لەسەردانێکمدا بۆلایان بەو دەستەواژەیەی سەرەوە ئاماژەی بەکێشەکانی ئەم سەنتەرەدا و بە بێزارییەکی زۆرەوە باسی لەوە دەکرد کە ئاسایش وپۆلیس هەرجۆرە کێشەیەك بێت ولەهەرکاتێکدا بێت دەینێرێنە لای ئەوان ووتی "ئاسایشو پۆلیس هیچ حسابمان بۆ ناکەن، ئێمە بە بەکۆیلەی بڕیارەکانیان دادەنێن".

دیمەن ئەوەندەی هەوڵداوە، کە سەنتەری نەوا بەپێی ئەوبەرنامەیەی بۆە دانراوە بەرێوە ببرێت و گوێی لێنەگیراوە، بۆیە ئەمڕۆ سورە لەسەر ئەوەی کە ئەو سەنتەرە بخرێتە سەر وەزارەتی ناوخۆو ئەفسەرێکی پلەدار ببێتە بەڕێوەبەری. ئەم هەموو تورەییەی دیمەنیش وەك خۆی دەڵێت لەوەوە نەهاتووە کەهاوکاری ئەو کچ‌و ژنانەی کە نەخۆش دەرونی یان کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە بەکار خۆی نەزانێت، بەڵکو ئەو دەڵێت "من ویژدانم ئازارم دەدات کاتێك کچێکی گەنج یان ژنێك ڕوودەکەنە سەنتەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان لەگەڵ ژنێکی لەفرۆش تێکەڵیان بکەین"، ئەو لەگەڵ ئەوەی بڕوای بەوەیە هیچ مرۆڤێك بەتاوانباری‌و بەکەموکوڕییەوە لەدایك نابێت، بەڵام سورە لەسەر ئەوەی کە دەبێت هەر شوێنەو بەپێی پسپۆڕی خۆی کار بکات، ، لەم بارەیەشەوە دەڵێت "بنکەی پۆلیس بەئێمە دەڵێت ئێمە ژورمان نیە بۆ ژنان یان لەنیوەی شەودا ئاسایش ژنێکی لەشفرۆش دێنێتە سەنتەرەکە ، بۆ ئەو ئەمە ئاسانە لەبەرئەوەی بۆی گرنگ نیە بەرەنجامی ئەمەچی دەبێت "، دیمەن بەبێزارییەوە سەرێکی داخستو وتی هەرگیز ناسیۆنالیزمێکی دەمارگیر نەبووم، بەڵام ئەمڕۆ دەڵێم بەهیچ جۆرێك کێشەی ژنانی عەرەبو ئێرانی وەرناگرم"

لەم کاتەدا پێدەچوو ئەم دەستەواژەیە فشارێکی دەرونی بۆ دروست کردبێت، بەلام پێداگیری دەکات لەوەی کە ژنانی عەرەب وئێرانی وەرنەگرێت لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانە دورنو ئەمان ناتوانن بچن بەدوای کێشەکەیاندا، لەسەرو ئەمانەوە ژنە ئێرانیەکان زۆربەیان لەشفرۆش وئالودە بوون بەمادەی بێ‌هۆشکەر، ژنە عەرەبەکانیش زۆربەیان لەشفرۆشن،، بەنیگەرانییەکەوە وتی "تا ئێستا ژنێکی عەرەب نەهاتووە، کە کێشەی کۆمەڵایەتی هەبێت، بەڵکوهەمویان لەشفرۆشن".

ئەو پێی وایە دەست تێوە ردانی پۆلیسو ئاسایشەوە بۆکارەکانی سەنتەری نەوا گەر وابڕوات ئەم سەنتەرە ئامانجی خۆی لەدەستدەدات،بۆیە دەڵێت "بێویژدانییە ئەو کێشە کۆمەڵایەتی‌و دەرونیانە لەگەڵ لەشفرۆشێك تێکەڵبکرێت".

دیمەن کە دەیان بەڵگەی هەیە بۆ تێکەڵنەبوونی ئەم کێشانە دەڵێت "زۆرجار لەشفرۆشەکان بەدەست دێن بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی ئەوژنانەی کەکێشەی دەرونی وکۆمەلایەتیان هەیەو لەلایەن سەنتەری نەواوە دالٌدە دراون ژنە لەشفرۆشەکان سود لەخراپی باری کۆمەلایەتی‌و دەرونیان وەربگرن ولەخشتەیان بەرن بیانخەنە ناوگروپەکانیانەوە وفێری لەشفرۆشیان بکەن".

هەر بۆیە ئەو سورە لەسەر ئەوەی گەر گوێی لێنەگیرێت دەبێت سەنتەری نەوا بخرێتە سەر وەزارەتی ناوخۆو بۆ ئەم داخوازییەشی چەندین بەڵگەی هەیەو دەڵێت "ئاسایش ژنی عەرەبی هێناوە، دوو دەفتەر دۆلارو ئاڵتونی پێبووە، هێشتا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ماوە دەیهێننە لای ئێمە، بەیانی دەڵێت دەڕۆم، پەیوەندی بەئاسایشەوە دەکەمو دەڵێن بابڕوات".

ناوبراو ئەوەندە بێزارە دەیەوێت کۆی بەڵگەکان لەسەر پۆلیسو ئاسایش بخاتەڕوو، ئەم کێشەیە چەندین ساڵە هەیەو بەرپرسەکەی پێشووشی بێزارکردبوو، لەئێستاشدا بۆچارەسەری ئەم گرفتە چەندین جار سەروخۆی ئاگادار کردەوە ،وەك دەڵێت "دوێنێ شەو کاتژمێر ١ لەگەڵ پۆلیسی ڕاپەرین شەڕێکی قورسم بو، تەلەفونم بۆ دەکات دەڵێت دوو ژن کێشەیان هەیەو دەیانهێنین، کە ناوەکانیانم پرسی پێشتر لای خۆمان بونو لەشفرۆشی ڕەسمین، لەسەر پارەکە بووە بەشەڕیان، بەڵام ئەو سوربوو لەسەر ئەوەی هەر دەیهێنێ‌و هێناشیان".

لێرەدا ئەوەندە بێزاری تەنگی پێهەڵچنیبوو لەجێگاکەی خۆی هەستاو بەرقێکەوە دەستی هەڵبڕی‌و وتی "ئەوە ڕاستە پێمان دەڵێن ژوری ژنانمان نیەو لەکۆمەڵێکی ئاوا بێڕەحمی وەك ئێمەدا سەنتەری نەوا بکرێتە شوێنی لەشفرۆشی".

لێرەوە دیمەن کەمال داوا دەکات کە سەنتەر لە و قەیرانەی تیایەتی ڕزگار بکرێت دەڵێت ".